**کورتەیەک لە ژیاننامەی نوسەر و شاعیر :**

بێستون حەسەن لە ١٩٨١/١/١٣ لە شارە شەهیدەکەی هەڵەبجە لەنێو خانەوادەیەکی ئەدەب دۆست و ژیان دۆستدا هاتووەتە بوون و سەرەتای ژیانی لەوێ بەڕێکردووە و پۆلی یەکەمی سەرەتایی ئەوسا و بنەڕەتی ئێستای لەوێ خوێندووە ، دواتر بەهۆکارەکانی وێران کردن و کیمیا باران کردنی هەڵەبجەوە و لەدەست دانی حەوت شەهیدی خانەوەداکەی ، ڕوودەکاتە سلێمانی و بەشێکی تری ژیانی خوێندن و گوزەرانی لەوێ دەباتەسەر ، پاشان بەدرێژایی زەمەن قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن بەسەرکەوتووانە دەبڕێ و بڕوانامەی دبلۆم بەدەست دێنێ . تێکەڵ بوون بەدونیای قەڵەم و نوسین لە دەمی منالێیەوە لە بێستوندا خۆی بینییەوە تا ئەوکاتەی چیتر نوسینەکانی سنوری شەرم و تەنیاییان شکاند و چیتر ناوەناوە بابەت و دەقی شیعری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو دەمەدا وەدەرکەوت .

تا لە ساڵی (٢٠٠٤) دا لە بواری شیعر توانی ببێتە خاوەن دیوانێکی شیعری بەناوی (نهێنییەکانی باران) و هەر لەو دیوانەیدا بەچەندان دەقی لێکرایە گۆرانی لەلایەن هەریەك لە هونەرمەندان (شوان قەرەداغی و کاروان محمود و خەلیل مەولاناو شاهۆ حسن و شەهریار و مەروان حمەخورشید ).

لەبواری ڕۆژنامەوانیشدا هەمیشە بابەتەکانی بەشێکن لە ڕووداوەکانی ڕۆژ و لەسەرجەم میدیاکانی بینراوو بیستراودا ئاراکانی بەتەرزێکی ئەدەبی سیاسی کۆمەڵایەتی خۆیمان نیشان ئەدا ، ئێستە ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە و هاوکارێکی هەمیشەیی گۆڤاری نیگایە .

وەك گەنجێکی دەڤەری شارەزوور و هەڵەبجە زۆرێك لە شارو شارۆچکەکانی بەسەرکردوەتەوە بە گێڕانی کۆڕی شیعر و فیستیڤاڵە ئەدەبییەکانی کوردستان ، چەندین خەڵاتی یەکەم و دووەم و سێهەمی هەیە وەك شیعر لە هەریەك لە فێستڤاڵەکانی گەلاوێژ و ڕێکخراوی ئازادی لاوان و ماڵی گەنجانی شارەزوور.

تا ئەم دەمە بەبەردەوام لەڕێی نوسین و بابەتە هەمە چەشنەکانییەوە خزمەت بە ئەدەب و کلتور و ڕەسەنایەتی هەڵەبجە و میللەتەکەیەوە دەکات و ئاواتە خوازە وەك گەنجێك بتوانێ لە ئاییندەدا ببێتە بەشێك لە مێژووی شار و مێژووی ئەدەبی ڕەسەنی کوردی .

**بۆئاشنابوون و نوێترین بابەت و بەرهەمەکانی ناوبراو پەیوەندی بگرن بە :**

Bestoon1617@yahoo.com